وەزارەتی کارەبا هەنگاوێکی حکومەتی بۆ دامەزراندنی وەستگەیەکی نوێی کارەبا لە بەجی ئاشکرا کرد

زیاد عەلی فازە وەزیری کارەبا، نیازی دامەزراندنی وەستگەیەکی نوێی لە شاری بەجی هاگەیاند بە توانای دوو هەزار و 100 مێگاوات، هاوکات ئاماژە بەوە دەکات کە 7 هۆوشۆن دەگیرێتەبەر بۆ دەستبەرکردنی پێداویستی وزەی هاووڵاتیان.

وەزارەتی کارەبا ئاماژەی بەوەشکردووە : وەزیر زیاد عەلی فازە لەگەڵ بەرپرسانی کەمپانیای قەتەری ئەربکان کەبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی وردەکارییەکانی کێتایی بەستنی گرێبەستی دامەزراندنی وەستگەیەکی نوێی هەڵمی لە بەجی بە توانای دوو هەزار و 100 مێگاوات، بە ئامادەبوونی لە جێگری سکرتێری کاروباری بەرهەمهێنان، بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی باکوور، و بەڕێوەبەری بەشی تەکنیکی لە وەزارەت.

وەزیر بەخێرهاتنی شاندی قەتەری کرد، خواستی وەزارەتەکەی دەربڕی بۆ هاوکاری لەگەڵ کەمپانیا عەرەبییەکان کە ئارەزووی کارکردنیان لە عێراقدا هەیە، هەروەها سودوەرگرتن لەو دەرفەت و ئاسانکاریانەی کە حکومەت لەم بارەوە پێشکەشی دەکات.

وردەکارییەکانی پڕۆژەی دامەزراندنی وەستگەی هەڵم کە پێکهاتووە لە 6 یەکەی بەرهەمهێنان، بە توانای نزیکەی 350 مێگاوات، تاوتوێ کرا، وەزیر ڕێنمایی لیژنە پێوەندیدارەکانی کرد بۆ تەواوکردنی خێرای

وردەکارییەکانی پەیوەست بە پرۆژەکە، ئاماژەی بۆ شکرد : وەزارەت بەیاریدا وەستگە نوێیەکە لە هەمان شوێنی وەستگەی پێشوو دروستبکات، کە لە کاتی شێی داعشدا بە تەواوی لێناوچوو، وەك چۆن شوێنەکە بە نزیکیی لە پاڵاوگەی نەوتەوە تایبەتمەندە کە ئاسانە ئەو سووتەمەنیەی وەستگەکە دابین بکرێت کە بەردەوامی دەبات.

ئاماژەی بۆ شکرد : لە سایەی هابردووەوە وەزارەت دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پلانێکی فراوان بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی سیستەمی کارەبا، بە ئامانجی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە لەگەڵ دامەزراندنی وەستگەی گەرمی نوێ و ئەوانی دیکە کە بە وزەی پاك کاردەکەن، هەروەها پڕۆژەی پەیوەندی کارەبایی، ئەنجامدانی گرێبەستی درێژخایەن بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی وەستگەکانی ئێستا، و مەدەرنکردنی تەکەکانی گواستنەوە و دابەشکردن، و نەهێشتن و لابردنی تەنگانەکان کە پێشتر لە تەی کارەبادا ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبوونەوە، بە مەبەستی دەستبەرکردنی پێداویستی وزەی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی متمانەپێکراو و بەردەوام .